# پەیامی پێغەمبەران بەکورتی

مەلاخی

ئەوە ماوەیەکی درێژە یەکەم بەشی نووسراوە پیرۆزەکانمان دێراسەتمان کردوە. ئەم بەشە پێی دەڵێن پەیمانی یەکەم. هەروەها بە پەیمانی کۆن دەناسرێ. ئەم یەکەم بەشە تەورات و زەبوورەکان و نووسینەکانی تری پێغەمبەران لەخۆ دگرێ. هەروەك بینیمان، خودا زیاتر لە سی پێغەمبەری لە ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵدا بەکارهێنا بۆ نووسینی پەرتوکی پەیمانی یەکەم.

لە ئەم وانە، گەشتەکەمان لە یەکەم بەشی نووسراوە پیرۆزەکان کۆتایی پێ دێنین. بەڵام پێش ئەوەی تەماشای دوایەمین بەشەکانی پەرتوکی پەیمانی یەکەم بکەین، حەز دەکەین تۆزی باسی ئەوەی تائێستا وەرمان گرتووە لەم پەرتوکە پیرۆزە بکەین لە یەکەم وانەوە تائێستا. دەتوانین پەیامی هەموو پێغەمبەران بە سێ بیرۆکەی مەزن کورت بکەینەوە:

یەکەم: خودا پیرۆزە و دەبێت دادوەری هەموو گوناهێك بکات.

دووەم: هەموو نەوەکانی ئادەم لەناو گوناە لەدایك بوون و دەبێت ڕوو بە ڕووی دادوەری خودا ببنەوە.

سێیەم: خودا پلانی دانا ڕزگاری دەرێك بنێرێ کەوا سزای گوناە دەکێشێ لەباتی نەوەکانی ئادەم.

ئەوانە ئەو سێ ڕاستییەن کەوا هەموو پێغەمبەرانی خودا بانگەوازیان بۆی کرد. با ئەم سێ خاڵە دووبارە بکەینەوە.

یەکەم: خودا پیرۆزە و ناتوانێ چاو بپۆشی لە گوناە.

دووەم: مرۆڤ ناپیرۆزە، پڕە لە گوناە، و هیچ ڕێگایەکی نیە خۆی لە سزای گوناە ڕزگار بکات.

سێیەم: خودا پلانێکی هەیە بۆ پاککردنەوەی گوناهباران و ڕزگاریان بکات لە دادوەری.

ئەم سێ ڕاستییەت وەرگرت؟ دەزانی خودا چەن پیرۆزە؟ دەزانی گوناهەکانت چەن مەزنن لە چاوی ئەو کەسەی کە دەبێت دادوەریت بکات؟ دەزانی کە خودا پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی پاکت بکاتەوە لە گوناهەکانت؟

بێ گومان، خودا پیرۆزە و مرۆڤ ناپیرۆزە. ئەم دوو ڕاستییەمان زۆر جار بینی لە نووسراوە پیرۆزەکان. پیرۆزی خودا ئەو هۆیە بوو کەخودا ئاگرێکی بۆ شەیتان و هەموو ئەوانەی شوێنی دەکەون درووست کرد کەتێر ناخوات. پیرۆزی خودا هۆیە بوو کە خودا ئادەم و حەوای لە باخچەکەی بەهەشت دەرکرد لەو ڕۆژەی لە دارە قەدەغەکراوەکەیان خوارد. پیرۆزی خودا ئەو هۆیە بوو کەفەرمانی بە نەوەکانی ئادەم دا کەقوربانی ئاژەڵ بکەن وەك پێشکەش کراوێکی سووتاو بۆ داپۆشینی گوناە. پیرۆزی ئەو هەروەها هۆی ئەوە بوو کە پێشکەش کراوەکەی قابیل وەرنەگرێ. لەبەر ئەوەی خودا پیرۆزە، خەڵکی چەرخی نوحی فەوتان بە لافاوێك و ئاگری باراند لە چەرخی ئیبراهیم بەسەر خەڵکی سەدوم و عەمۆرا. پیرۆزی خودا ئەو هۆیەیە کە خودا ڕۆژێکی ئامادە کردووە کاتێ دادوەری هەموو جیهان دەکات لە ڕاستودرووستی.

پێغەمبەرانی خودا نووسیویانە دەربارەی پیرۆزی خودا و ناپیرۆزی مرۆڤ، دەڵێن: **ئەی تۆ لە سەرەتاوە نیت ئەی پەروەردگار؟... چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و ناتوانیت ڕوو لە زوڵموزۆر بکەیت!** (حەبەقوق ١: ١٢، ١٣) **هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو!** (ئیشایا ٦٤: ٦) ئەگەر خودا زۆر پیرۆزە و مرۆڤ زۆر ناپیرۆزە، ئەو کاتە کێ ڕزگاری دەبێت؟ چۆن دەتوانین ڕزگارمان بێت لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟ نەوەکانی ئادەم چۆن دەتوانن ماوەی ئەزەلی لە حزوری خودا بەسەر بەرن، ئەو خودایەی پاك و بێگەردە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە سێیەم خاڵە لە پەیامی پێغەمبەران. لەپاش ئەوەی پێغەمبەران ئامۆژگاری خەڵکیان کرد و وتیان خودا

پیرۆزە و نەوەکانی ئادەم ناپیرۆزن، ئەویان ڕاگەیاند کە خودا خۆی پلانێکی هەبوو بۆ پاککردنەوەی نەوەکانی ئادەم لە گوناهەکانیان.

گرنگترین پەیامی پەرتوکی پەیمانی کۆن ئەوەیە کە خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێکی ڕاستودروست بنێرێتە جیهان کەوا لەباتی نەوە ناڕاستودروستەکانی ئادەم دەمرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دێنن ڕزگاریان بێت. ئەمە پلانی خودا بوو و پلانی خودایە بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران. تەنها لە ڕێگای خوێنە ڕژاوەکەی ڕزگاری دەرەکە خودا دەتوانێ لە گوناه خۆش بێت و گوناهباران بگەڕێنێتەوە لای خۆی، بێ ئەوەی لە ڕاستودرووستی خۆی دەربچێ.

بۆ ئەوەی بەرەو پێش بڕوات لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان، خودا بانگی ئیبراهیمی کرد تاکو بیکات بە نەتەوەیەکی نوێ، کەوا پێغەمبەرانی خودا و مەسیحی لێوە بێت. خودا لەگەڵ ئیبراهیم دوا و فەرمووی: جا دەتکەم بەبەرەکەت، هەموو نەتەوەکانی جیهان لەتۆوە بەرەکەت دەکرین. هەروەها ئیبراهیمیش ئیسحاقی بوو لەپیریدا، و ئیسحاقیش یاقوبی بوو، و یاقوبیش دوازدە کوڕی بوو کەوا خێڵەکانی ئیسرائیلیان بەرهەم هێنا. بۆیە، فێربووین کەکاتێ خودا بانگی ئیبراهیمی کرد، بەردەوام بوو لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان، لەبەر ئەوەی لە خێڵی ئیبراهیم بوو و لە ڕێگەی نەتەوەی ئیسرائیل بوو کە مەسیح دەبوایە لەدایك بێت.

پاشان بینیمان چۆن نەوەکانی ئیسرائیل باریان کرد لە خاکی کەنعان و لە میسر نیشتەجێ بوون، کەوا لەوێ بوون بەکوێلەی میسرییەکان. بەڵام خودا گەلی ئیسرائیل، واتا نەوەکانی ئیبراهیمی لەیاد نەکردبوو. خودا بانگی موسای کرد تاکو گەلی ئیسرائیل ئازاد بکات و پێشەوایەتیان بکات بۆ ئەو خاکەی خودا بەڵێنی بە باووباپیرانی دابوو زۆر لەوە پێش. خودا هەروەها پێغەمبەر موسای بەکارهێنا تاکو پەرتوکێکمان پێشکەش بکات بەناوی تەورات، کە بنەمای هەموو شتێکە کە خودا بۆمانی ئاشکرا کردووە لەو کاتەوە.

لەپاش کاتی موسا، بینیمان چۆن خودا زۆر پێغەمبەری نارد بۆ گەلی ئیسرائیل، بەڵام زۆربەیان وریای ووشەی پێغەمبەران نەبوون. هەرچەندە نادڵسۆزی گەلی ئیسرائیل ڕێگای لە دڵسۆزی خودا و پلانەکەی کەوا داڕشتبوو نەگرت بۆ ناردنی مەسیح بۆ جیهان! بۆیە بینیمان چۆن خودا داوودی هەڵبژارد وەك پاشای ئیسرائیل و ئەو پێغەمبەرەی کەوا خۆشترین بنچینەییترین گۆرانی لە سیپارەی زەبوورەکان نووسی. پێغەمبەر داوود زۆری دەربارەی مەسیح نووسی و چۆن نەوەکانی ئادەم دەیچەوسێننەوە و تەنانەت دەست و پێی کون دەکەن. بەڵام داوود هەروەها پێشبینی کرد کەلەپاش ئەوەی مەسیح خوێنی خۆی ڕشت وەك قوربانی کە گوناه دەسڕێتەوە، ئەوا مردن دەبەزێنێ و لە قەبر هەڵدەستێتەوە!

لەگەشتەکەمان لەنێو نووسراوە پیرۆزەکان، بۆمان دەرکەوت کەنەك تەنها موسا و داوود دەربارەی مەسیحیان نووسیوە. هەموو پێغەمبەرەکانی خودا هاتنی مەسیحیان ڕاگەیاند. بۆ نموونە، پێغەمبەر ئیشایا ڕایگەیاند کەمەسیح بە شێوەیەك لەدایك دەبێت، کە وەك خۆتان دەزانن، کەس بەو شێوەیە لەدایك نەبووە. ووتی: (ئەوەتا پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل. واتا: خودا لەگەڵمانە.) (ئیشایا ٧: ١٤ و مەتا ١: ٢٣) پێغەمبەر ئیشایا ئەمەی نووسی حەفت سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح.

پێغەمبەرێکی تر هەبوو کەوا لە هەمان کاتی ئیشایا ژیا. ناوی میخا بوو. خودا ناوی ئەو شارەی بۆ میخای ئاشکرا کرد کە مەسیح لێی لەدایك دەبێت. با بزانین پێغەمبەر میخا چی نووسیوە. لە سیپارەی میخا، بەشی پێنج دەخوێنینەوە: بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی ئەفراتە هەرچەندە لەنێوان هەزارانی یەهودادا بچووکیت، لە تۆوە بۆ من دەردەچێت ئەوەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل ڕەچەڵەکی لە دێرزەمانەوەیە لە ڕۆژانی سەرەتاوە. (میخا ٥: ٢) بۆیە میخا ڕایگەیاند کەمەسیح لە شاری بێت لەحم

لەدایك دەبێت، شاری داوودی پاشا! سێ وانەی تر دەبینین چۆن خودا ئەو پێشبینییەی هێنایە دی، لەبەر ئەوەی لە شاری بێت لەحم بوو کە مەسیح لەدایك بوو، هەروەك پێغەمبەری خودا میخا ڕایگەیاند سەدان ساڵ لەوە پێش.

بێ گومان خودا بە وریایەوە گەیشتنی ڕزگاری دەری جیهانی ئامادە کرد! پەرتوکی پیرۆزی خودا سەدان سەرچاوەی پێغەمبەران لەخۆ دەگرێ دەربارەی هاتنی مەسیح. ڕەنگە بپرسن: بۆچی خودا ئەم هەموو بیرانەی لە مێشکی پێغەمبەران چەسپاند دەربارەی مەسیح پێش ئەوەی بێتە جیهان؟ یەك هۆی گەلێ گرنگە هەیە. خودا وەحی نارد بۆ پێغەمبەران بۆ ئەوەی دەربارەی مەسیح زۆر بنوسن بۆ ئەوەی کەکاتی هاتنی هات و هەموو ئەو شتانەی جێ بەجێ کرد کە پێغەمبەران دەربارەی ئەویان نووسیوە، ئەو کاتە بەبێ هیچ گومانێك دەزانین کەئەو بەتەنیا ڕزگاری دەرە کەخودا ناردی. خودا نایەوێ هەموو کەس فریوت بدات! خودا دەیەوێ بزانی مەسیح، ڕزگاری دەری گوناهباران کێیە، تاکو باوەڕی پێ بێنی و شوێنی بکەوی و ڕزگارت بێت لە گوناهەکانت. ئەوە یەکێکە لە هۆیەکان کە خودا ئەم پەرتوکە جوان و پشت پێ بەستراوەی پێمان داوە بەناوی پەیمانی یەکەم — تاکو بتوانین ڕاستی لە هەڵە جیابکەینەوە.

ئێستاش بۆ ئەوەی گەشتەکەمان کۆتا پێ بێنین لە پەیمانی یەکەم، حەز دەکەین بخوێنین لە سیپارەی مەلاخی، دوایەمین سیپارە لە پەیمانی یەکەم. ووشەکانی پێغەمبەر مەلاخی گرنگن بۆمان، لەبەر ئەوەی دوایەمین ووشەن کە خودا ناردی بۆ نەوەکانی ئادەم پێش مەسیح بێتە جیهان. تەنها چوار سەد ساڵ ماوە پێش ئەوەی مەسیح لەدایك بێت.

پێغەمبەر مەلاخی نووسیوە لە دوایەم بەشی پەیمانی یەکەم. دەڵی، (ئەوەتا پەیامبەری خۆم دەنێرم و ڕێگاکە لەپێشم ئامادە دەکات و لەناکاو دێتە ناو پەرستگاکەی ئەو پەروەردگارەی ئێوە داوای دەکەن. نێردراوەکەی پەیمانیش کە دڵتان پێی خۆشە، ئەوەتا ئەویش دێت،) پەروەردگاری سوپاسالار دەفەرموویێت...(من پەروەردگارم ناگۆڕێم... بەڵام بۆ ئێوە، ئەی ئەوانەی لە ناوەکەم دەترسن، خۆری ڕاستودروستیتان لێهەڵدێت و چاکبوونەوە لە باڵەکانی دایە!) (مەلاخی ٣: ١، ٦ و ٤: ٢)

بۆیە پێغەمبەر مەلاخی پێشبینی کرد کە خودا پلانی دانا پێغەمبەرێك لە پێش مەسیح بنێرێت بۆ ئەوەی ڕێگاکەی لە پێش ئامادە بکات. دەزانی ئەو پێغەمبەرە کێ بوو؟ لە وانەی داهاتووماندا، دەبینین کە ئەو کەسەی کە ڕێگا لە پێش مەسیح ئامادە دەکات پێغەمبەر یەحیا بوو.

بەڵام، مەلاخی هەروەها نووسی: پەروەردگاری باڵادەست دەفەرموێ: (نێردراوەکەی پەیمانیش کە دڵتان پێی خۆشە، ئەوەتا ئەویش دێت... من پەروەردگارم ناگۆڕێم!) (مەلاخی ٣: ١)

نزیکەی دوو سەد ساڵ زووتر، پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کرد: ئەوەتا ڕۆژانێک دێت، پەروەردگار دەفەرموێت، (پەیمانێکی نوێ لەگەڵ ماڵی ئیسرائیل و ماڵی یەهودادا دەبەستم، نەک وەک ئەو پەیمانەی لەگەڵ باوباپیرانیاندا بەستم ئەو ڕۆژەی دەستیانم گرت بۆ ئەوەی لە خاکی میسر دەریان بکەم، کاتێک پەیمانەکەی منیان شکاند، منیش ڕەتیانم کردەوە،) پەروەردگار ڕایگەیاند، (وەک ئەم پەیمانە لەگەڵ ماڵی ئیسرائیلدا دەبەستم دوای ئەو ڕۆژانە،) پەروەردگار ڕایگەیاند، (فێرکردنەکانم دەخەمە ناویانەوە و لەسەر دڵیان دەینووسم...لە تاوانەکەیان خۆش دەبم و چیتر باسی گوناهەکەیان ناکەم.) (ئیرمیا : ٣١: ٣١-٣٤)

بەم ووشانە خودا ڕایدەگەیاند کە مەسیح پەیمانێکی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ کەوا بەڵێنەکان و مەرجەکانی پەیمانی یەکەم جێ بەجێ دەکات. پەیمانە نوێیەکە پشت بە مرۆڤ نابەستێ کەوا نەیتوانی ڕێز لە پەیمانی خودا بگرێت، بەڵکو پشت بە خودا دەبەستێ کەوا بە دڵسۆزی و بەزەیی خۆی، مەسیح دەنێرێ، پەیامبەری پەیمانەکە.

بۆ هەزاران ساڵ خودا داوای قوربانی ئاژەڵی کرد تاکو بتوانێ لە گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم خۆش ببێت. قوربانی ئاژەڵ

بەشێکی گرنگ بوون لە پەیمانی یەکەم کەوا خودا بە مرۆڤێ بەخشی لە ڕێگای پێغەمبەرانیەوە. بەڵام مەسیح پەیمانی نوێ دێنێتە جیهانەوە، لەبەر ئەوەی هەموو هێماکانی قوربانی ئاژەڵ دێنێتە دی، و بەو شێوەیە پەیمانی یەکەم دەناتە لاوە.

مەسیح نایەت تاکو ووشەکانی پێغەمبەران پووچەڵ بکاتەوە، بەڵکو جێ بە جێیان بکات. لەبەر ئەوە پێغەمبەر مەلاخی بە مەسیح دەڵێت، (خۆری ڕاستودروستی.) مەسیح چۆن دەبێت وەکو خۆر؟ پێغەمبەران وەك مانگ یاخود وەك مۆم بوو کەوا تۆزێك ڕووناکی دەخەنە ناو جیهانێکی تاریك. بەڵام مەسیح خۆری هەڵاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو هات بۆ ئەوەی تاریکی گوناهەکانمان دەربکات و بمانخاتە سەر ڕێگای ڕاستودرووستی تاهەتا! کێ پێویستی بە ڕووناکی مانگ یان مۆم هەیە کاتێ کەخۆر هەڵدێت؟ مەسیح خۆری ڕاستودرووستییە! لە وانەی داهاتووماندا دەخوێنین کە زەکەریا، باوکی پێغەمبەر یەحیا، دەربارەی مەسیح قسەی کرد بە شێوەیەکی نزیك لەوە و فەرمووی: (بەهۆی بەزەییە بەسۆزەکەی خودامانەوە، کە بەهۆیەوە ڕووناکی لە بەرزاییەوە بەسەرماندا دەرەخشێت، تاکو بەسەر ئەوانەی لە تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ببات.) (لۆقا ١: ٧٨، ٧٩) ئامین!

ئیتر بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی گەشتەکەمان لە پەرتوکی پەیمانی یەکەم (واتە پەیمانی کۆن). بۆ جاری داهاتووش دەست بە بەشی جوانی پاش ئەوە دەکەین، کەو پەیمانی نوێیە (واتە کیتابی ئینجیلی پیرۆز). لەناو ئینجیل بۆمان دەردەکەوێ چۆن مەسیح ووشەکانی پێغەمبەرانی هێنایە دی.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ وریای ئەم ئاگادارییە دەبنیت: هەروەها وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاک دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت. (٢ پەترۆس ١: ١٩)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئەم سێ ڕاستییەت وەرگرت، چییە؟
٢. دەزانی خودا چەن پیرۆزە؟
٣. دەزانی گوناهەکانت چەن مەزنن لە چاوی ئەو کەسەی کە دەبێت دادوەریت بکات؟
٤. دەزانی کە خودا پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی پاکت بکاتەوە لە گوناهەکانت؟
٥. ئەگەر خودا زۆر پیرۆزە و مرۆڤ زۆر ناپیرۆزە، ئەو کاتە کێ ڕزگاری دەبێت؟
٦. چۆن دەتوانین ڕزگارمان بێت لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟
٧. بۆچی خودا ئەم هەموو بیرانەی لە مێشکی پێغەمبەران چەسپاند دەربارەی مەسیح پێش ئەوەی بێتە جیهان؟
٨. مەسیح چۆن دەبێت وەکو خۆر؟
٩. کێ پێویستی بە ڕووناکی مانگ یان مۆم هەیە کاتێ کە خۆر هەڵدێت؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org